# زانستی جێبەجێکردن؛ ستوونی پراکتیکاڵی پەرەسەندن

**محەمەد کەریمخان**، دکتۆرای زانستە سیاسییەکانی زانکۆی تاران

**پوختە**

لە ئاسۆی پێشکەوتن و بەهێزبووندا، پایەیەکی سەرەکیی پەرەسەندنی بەردەوام (Sustainable development) پەرەپێدانی زانستی جێبەجێکارییە لە ڕوانگەی حوکمڕانیی پشتبەستوو بە زانستەوە. لەو ڕاگوزەرەدا، ئامانجی ئەم نووسینە خستنەڕووی گرنگیی زانستی جێبەجێکاری و دۆزینەوەی زەمینە و هۆکارەکانی شکستی سیاسەت و نیشاندانی ڕێکارێکە بۆ چارەسەرکردن. لێکۆڵینەوە کە لە چوارچێوەی هزری سیاسی و زانستی سیاسەتی گشتی و تیۆری جێبەجێکاری، بە میتۆدی وەسفی و شیکاری ئەنجام دەدرێت. دەرەنجام دەگاتە ئەوەی کە لاوازبوونی زانستی جێبەجێکاری دەبێتە هۆی ئاستەنگ لە پێش سیاسەتەکان و، شیاوسالاری بە کلیلی چارەسەرکردن دادەنرێت.

**پێشەکی**

دیراسەی جێبەجێکاری، بەشێکی گرنگی زانستی سیاسەتی گشتی و زانستی دەوڵەتدارییە کە دەپرژێتە سەر بابەتە کاریگەرەکانی سەر سیاسەت و زیاتر سەرنج دەداتە ئاستەنگەکانی پێش سیاسەت. لە قووڵاییی ئەو زانستەدا جێبەجێکردنی سیاسەت (Policy Implementation) بە کارپێکردن و پراکتیکیکردنی بڕیار و بەرنامەکان، بە یەکێک لە قۆناغە سەرەکی، درێژخایەن و سەختەکانی سووڕی سیاسەتدانان دادەنرێت کە لەلایەن دەسەڵاتەوە، بە مەبەستی پیادەکردنی ئایدیای سیاسەتی ئامانج و نیازەکانی خەڵک، ئەنجام دەدرێت. لەم ڕووەوە زانستی جێبەجێکاری لە پێشخستنی کۆمەڵگە و بەهێزکردنی حکوومەت ڕۆڵێکی کارا و کاریگەری هەیە. ئەگەر کۆمەڵگە و وڵاتێک دروشمی پەرەسەندن و بەهێزبوون هەڵبگرێت، پێویستە بە چاوێکی زانستی لە قۆناغی جێبەجێکردن و دامەزراوەکانی جێبەجێکار بڕوانێت. بە واتایەکی ڕوونتر، پەرەسەندن چەندان پایەی سەرەکیی هەن کە یەکێکیان "زانستی جێبەجێکاری"یە. زانستی بەڕێوەبردنی دەوڵەت لێرەدا ڕۆڵی کاریگەری لە پێشخستنی جێبەجێکاری هەیە. بەتایبەتی لەم سەردەمەدا کە بەڕێوەبردنی نوێی دەوڵەتی هاتۆتە شوێنی بەڕێوەبردنی کلاسیکی دەوڵەتی، ئەو وڵاتانەی کە لە بەڕێوەبردنگەراییدا (Managerialism) سەر نەکەون، ناتوانن ببنە جێبەجێکاری سیاسەتەکان و دواجار نابنە هاوتای وڵاتانی پێشکەوتوو.

**پرسی سەرەکی**

بە سەرنجدان لە زانستی بەڕێوەبردنی دەوڵەت و، هەروەها شێوازی بەڕێوەبردنی دەوڵەت لە زۆربەی وڵاتانی لە ئاستی پەرەنەسەندوودا، دەبینین کە لەم وڵاتانەدا زانستی سیاسەتی گشتی (Poblic Policy) چاوەڕوانیدا نییە. بۆ وێنە لەم وڵاتانە، ئەندازیاریی میکانیک لە زانکۆکان هەیە بەڵام زانکۆکان ناتوانن

ئامێرێکی بچووک بۆ چارەسەرکردنی کێشەی بەنزینی خراپ دابهێنن تاکوو نەخۆشییەکانی دروستبوو لە کەم بێتەوە. ئەمە بەو مانایەیە کە ئەو وڵاتە هێزی پیشەسازیی بۆ پەرەسەندنی کۆمەڵگە و (Lead) سورب بەهێزکردنی حکوومەت نییە. لە نموونەیەکی دیکەدا دەبینین، لە وڵاتانی پەرەنەسەندوودا زانستی ئابووری هەیە، لە هەمان کاتدا هەڵاوسانیش هەروا ڕوو لە هەڵکشانە. لەو جۆرە وڵاتانە، کەسایەتیی زانستیی جیهانی هەن، بەڵام ناتوانن لە مەیدانی کردەوەدا کار بە زانستەکەیان بکەن.

بەو سەرنجانەوە لە وڵاتانی پەرەنەسەندوو، دەبێ ئەو پرسیارە لە زەینی سیاسەتمەداراندا شکڵ بگرێت کە لە بەئاسانی کەوتوونەتە بەردەست، بۆچی (AI) کاتێکدا زانستەکان لە ڕێی ئینترنێت و هۆشی دەستکرد سیاسەتە گشتییەکان، هەرچەندە سیاسەتی دروست و بیریارییانە بن و لەگەڵ واقعدا بگونجێن و توانای کرداری (پراکتیکاڵ)یشیان هەبێت، بەڵام هێشتا بەتەواوی جێبەجێ ناکرێن یان لە کاتی پیادەکردندا شکست دەخۆن؟ وەڵامی ڕاست ئەوەیە کە، لە وڵاتانی پەرەنەسەندوودا، جگە لە لاوازبوونی سیاسەتی گشتی، زانستی جێبەجێکاری لاوازە و لەو وڵاتانەدا تەنها پشت بە دانانی سیاسەت و پلاندانان و یاساسازی دەبەستن و پێیان وایە ئەگەر سیاسەتێکی دروست دانرا، ئەوا لە پرۆسەیەکی ئاساییدا سیاسەتەکان بەئاسانی جێبەجێ دەکرێن.

**دەزگەی تیۆری**

لەناو دەسەڵاتەکانی دەوڵەتدا دەسەڵاتی جێبەجێکاری باڵادەستە و دیارترە. بۆیە پێویستە ئەم دەسەڵاتە لە مەیدانی پراکتیکدا کردەوەی پشتبەستوو بە تیۆری زانستیی هەبێت. واتە، پێویستە بابەتێکی تیۆری کۆدبەندی دەبێتە (Praxis) بکرێت و دواتر بە شێوەیەکی سادە پیادە بکرێت؛ ئەمە لە چوارچێوەی پراکسیسدا بەپێی پێناسەی موولەر (Kordnejad, 2023). ئەتەکێتی کار و مۆراڵ و دەگاتە دەرەنجامێکی پەسەند (Pierre Muller) سیاسەتی گشتی، زانستی دەوڵەتە لە مەیدانی پراکتیکدا. (malekmohamadi, 2019: 26) بەم ڕوانگەیە، سیاسەتی گشتی وەک بەشی ئەندازیاریی زانستە سیاسییەکان لەناو کۆمەڵەی زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا دەچێتە ژێر تیۆریی ئەرکگەرایی (Functionalism). (Hashemiyan, 2011: 141) چەمکی ئەرکگەرایی بەرهەمی زانستی مۆدێرنە کە لە ئەمریکا پەیدا بووە. ئەم تیۆرییە دیراسەی کارکرد و ئەرکی دیاردەکان بە شێوەیەکی عەقڵانی و ئامانجدار دەکات و لە ئاکام و کاریگەرییەکان دەکۆڵێتەوە. لەناو سیستەمی دەوڵەتداریدا ئەرکگەرایی سەرنج دەداتە ئەرک، کار، کارایی و کاریگەریی سیاسەت و جێبەجێکردن. جێبەجێکاری وەک پرۆسەیەکی خەتی، چەندان گۆڕاو لەخۆ دەگرێت کە بریتین لە: ستاندەر و ئامانج، سەرچاوەی پێویست، پەیوەندیی توندوتۆڵی نێوان دامەزراوەکان، لەباربوونی دۆخی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی، دیدگەی جێبەجێکاران، تایبەتمەندییەکانی سیستەمی ئیداری. هەروەها جێبەجێکاری وەک سازگاربوونی سیاسی، واتا ئاستی بەڵێنداریێتی، حەز و پشتگیریی ئەکتەران، کاریگەریی لەسەر ئەم نیشاندەرانە، نیشانەی (Gioryan&Rabiemanjin,2002). سەرکەوتنی سیاسەتەکان هەیە وردەکاریی واری جێبەجێکردنن.

**گرنگیی پەرەسەندنی جێبەجێکردن**

هەلومەرجی جێبەجێکاری،ستراکچەری عەقڵی حوکمڕانی نیشان دەدات کە پشتیوانی لە بڕیار دەکات. ئەم ستراکچەرە عەقڵانییە دەبێتە هۆی پەرەسەندن و بەهێزبوونی وڵات. (Hashemian, 2011: 144)

کەواتە پێویستە زانستی جێبەجێکردن بە شێوەیەکی شیاو پەرەی پێ بدرێت. گرنگیی پەرەسەندنی جێبەجێکارییەکی شایستە لەوەدایە کە تا زیاتر توانای جێبەجێکاری بەرز بێتەوە و دەسەڵاتی جێبەجێکار هێزی خۆی پتر نیشان بدات، متمانەی زیاتر ساز دەبێت و لەسەر بنەمای ئەو متمانەیە دەرگەی بەشدارییەکی باشتر دەکرێتەوە کە تێیدا جگە لەوەی سەرمایەی کۆمەڵایەتی و سەرمایەی زانستی-فەرهەنگی گەشە دەکەن، ئاستی شەرعییەتی حکوومەتیش بەرزتر دەبێتەوە. جگە لەسەرخستنی سیاسەتەکان و پێکانی ئامانجی پەرەسەندن لە ڕێگەی جێبەجێکارییەکی زانستییانە، گرنگیی قۆناغی جێبەجێکردن لەناو پرۆسەی سیاسەتداناندا لەوەدایە کە جێبەجێکردن هەندێک جار خۆی دەبێتە پێوەر و مێزانێک بۆ هەڵسەنگاندنی سیاسەتەکە.

## هۆیەکانی ناکاراییی پرۆسەی جێبەجێکردن

زۆر جار لە وڵاتانی پەرەنەسەندوودا لەبەر ئەوەی پرۆسەی جێبەجێکاری بەهەند دانانرێت، وا دەبینرێ کە هۆکاری شکستی سیاسەتێک، دەگەڕێتەوە بۆ ماک و ماهییەتی سیاسەتەکە، کەچی لە "وەرسووڕانێکی پاڕادیمی"دا ئەوە دەرکەوتووە کە هەمیشە کێشەکە لە سیاسەت و فۆرمۆڵی بەرنامە (پلان)ەکەدا نییە، بەڵکوو کێشەی سەرەکی لەناو لاوازبوونی زانست و توانای جێبەجێکردندایە. لەو ڕووەوە، یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانی وڵاتانی پێشنەکەوتوو ئەوەیە کە، لە دونیای تیۆریدا گیر دەخۆن و ناتوانن زانستێک لەگەڵ بکەن. کێشەیەکی (Apply) واقعییەتی خۆیان نزیک بکەنەوە و تیۆرییەک بەسەر دۆخێکی واقعیدا ئەپڵای دیکە ئەوەیە کە هەندێک زانستی نەنووسراو هەن کە سینگ بە سینگ بە ئەزموون گواستراونەتەوە، بۆیە جێبەجێکردنی ئەو زانستانە لەناو پرۆسەی کاردا پسپۆڕیی لە جێبەجێکاریدا دەوێ کە وڵاتانی پەرەنەسەندوو بەهەندی دانانێن.

کێشەیەکی دیکەی بەسەرەنجامنەگەیشتنی سیاسەتە دروستەکان، جگە لە نەرم و ڕێژەیینەبوونی دەزگە جێبەجێکارییەکان، ئەوەیە کە سیاسەتەکان بۆ ئاستێکی گشتی دادەڕێژرێن و توانای ئەوەیان نییە بێنە ئاستێکی ناوەندی بۆ ئەوەی ڕێکاری ورد و بەشبەش لە ئاستی خوارەوەدا بخەنە ڕوو. ئەوان پێناسەیان لە جێبەجێکردن ئەوەیە کە جێبەجێکار یاساکان پیادە دەکات؛ کە ئەمە تەنیا یەک ڕەهەندی جێبەجێکارییە لەناو چەندان ڕەهەندی ئاڵۆز و جۆراوجۆردا. هەر بۆیە کاتێک سیاسەتێک دادەنرێت، لە جیاتی ستراتیژ و دروستکردنی پلانی سیاسەتی، زیاتر یاسا و ڕێساگەلێک دادەنرێن و ناوی دەنێن سیاسەتی ستراتیژیک؛ لە کاتێکدا یاسا بۆ ئەوە دێت کە چوارچێوە بداتە سیاسەت و ستراتیژی، بۆ ئەوەی لە کاتی جێبەجێکردندا سیاسەتەکە تووشی کێشە نەبێت.

هەروەها یەکێک لە کێشەکانی جێبەجێکاری لە وڵاتانی پێشنەکەوتوو، جگە لە بیرۆکراسییەکی ناکارا و دەستوپێگر، بۆ گەندەڵی و بەرژەوەندییە تایبەتییەکانیش دەگەڕێتەوە. کێشەیەکی دیکە ئەوەیە کە وڵاتانی پەرەنەسەندوو، هەروەک دەیەکانی پێش حەفتا و هەشتای زایینی، ڕۆڵی فەرماندەییی ڕاستەوخۆ دەگێڕن؛ بە واتایەک جێبەجێکردنی هەموو سیاسەتە ورد و درشتەکان بە گوێرەی مۆدێلی سەرەوە بۆ خوارەوە بە شێوەیەکی سانتراڵ دەگرنە دەست و، دەسەڵات نادەنە کەرت و لایەنەکانی دیکە و بەپێی جۆری سیاسەتەکە مۆدێلی خوارەوە بۆ سەرەوە و مۆدێلی تێکەڵ ڕەچاو ناکەن. بە واتایەکی دیکە، ئەکتەرە جێبەجێکارەکان ڕۆڵیان لە سیاسەتدا نییە و بیرۆکراسیی ناوچەیی نابینرێت. کێشەیەکی دیاردەییی دیکە، کەمبوونی سەرمایە و هێزی مرۆییی کارامە و کادیری کارا و کەسانی فێرنەکراوی بێئەزموونن؛ هۆی سەرەکییشی ئەوەیە کە

دانانی بەڕێوەبەرانی باڵا، نێوەنجی و خوارەوە لەسەر بنەمای وەفاداریێتی و سیاسیکارییە کە ئەوانیش دەبنە هۆیەکی دیکەی شکستی سیاسەتەکان و، دواجار زیان لە ناوبانگی حکوومەت دەدەن و ئاستی شەرعییەتی سیستەمیش دادەبەزێنن.

کۆسپێکی دیکە، کێشەی سیاسییە کە کاریگەریی نەرێنیی لەسەر بابەتی سیاسەتدانان هەیە. بۆ نموونە لە زۆر وڵاتی پەرەنەسەندوودا، هەرچەندە دەسەڵاتەکانیش لێکجیا کرابنەوە و پەرلەمانیش هەبێت، هێشتایش بۆچوون و بڕیاری تاکەکەس، حزبێکی دەسەڵاتدار یان ئۆلیگارشییەکی هاوبەرژەوەند بە شێوەیەکی تاکڕەوانە قسەی یەکەم دەکات."لەم وڵاتانەدا لە جیاتی ئەوەی حکوومەت سیاسەت داڕێژێت و بیرۆکراسیی حکوومەت ئەرکی پلاندارشتن و پیادەکردنی لە ئەستۆدا بێت و پەرلەمان پرۆژەکان پەسەند بکات، هەموو کارەکان دەکەونە ئەستۆی حکوومەت و، ئۆرگانێکی وەک پەرلەمان دەبێتە دامەزراوەیەکی سەربار و زیادە. (Kordnejad, 2023)

کێشەیەکی دیکە لاوازبوونی دۆخی فەرهەنگییە؛ بە جۆرێک کە بەڕێوەبەران چوونەتە ژێر کاریگەریی فەرهەنگی گشتی و، کەمتر بیر لە کاری گرووپی و ڕاوێژکاری لەگەڵ زانا و شارەزایان دەکەنەوە. واتە، پردێک لە نێوان زانست و بەڕێوەبردندا نییە. لە کاتێکدا یەکێک لە میتۆدەکانی زانستی جێبەجێکاری، دیمانەیەکی قووڵە بۆ ئەوەی تۆفانی هزری و تێراوکردنی تیۆری بە شێوەیەکی نووسراوی لێ بکەوێتەوە و ببێتە پرۆسە و، دواجار ئاستی سیستەم بەرز بکاتەوە. جگە لەو کێشە گشتییانە چەندان کێشەی تەکنیکی، بیرۆکراسی، سەروەریی یاسا، لاوازبوونی دەسەڵات و هێزی حاکمییەت لەسەر هەموو وڵات و پرسگەلی سیاسی و کۆمەڵایەتیی دیکە (Howlett et al, 2015) هەن کە بوونەتە هۆی شکستی سیاسەت لە مەیدانی پراکتیکدا.

**حوکمڕانیی پشتبەستوو بە زانست**

ئێستا لە جیهانی پێشکەوتوودا حکوومەتی پشتبەستوو بە زانست، بۆتە باسێکی گرنگی ڕۆژ. لەو چوارچێوەیەدا، بەڕێوەبردنی زانست پسپۆڕییەکی تایبەتە کە بە زانست و ئەزموون، شارەزاییی نوێ بەرهەم دێنێت و بەستێنی جێبەجێکردنێکی دروست هەموار دەکات و لە پراکتیکدا کارایی و کاریگەرییەکی بەرچاوی دەبێت. نیشاندەرەکانی پەرەسەندنی جێبەجێکاریی هێگڵئاسا، پەیوەندیی خود (Subject) و بابەت(Object) ە؛ واتە نزیککردنەوەیەک لە نێوان زانست و واقع ساز بکرێت. واقع لە نیاز و پێداویستی پێک دێت؛ کاتێک نیاز چارەسەر نەبوو و پێداویستی دابین نەکرا، ئەوا نیشانەی ئەوەیە کە کەڵک لە زانست وەرنەگیراوە. بە واتایەک، دەکرێ بڵێین زانست ئامرازێکە بۆ چارەسەرکردنی کێشە؛ لە زگی زانستدا تەکنەلۆژیا لەدایک دەبێت بۆ ئەوەی نیازەکان فەراهەم بکات. کەواتە، دەبێ سیاسەت و بەڕێوەبردن و پلاندانان پشت بە زانست ببەستن بۆ ئەوەی نیازەکان دابین بکەن و کێشەکان چارەسەر بن. بۆ ئەم مەبەستە، پێویستە سەرەتا گفتوگۆ لەگەڵ ئەکتەرەکان و خەڵک بکرێت بۆ ئەوەی نیازە سەرەکییەکان دیاری بکرێن.

پەرەسەندنی بەردەوام بابەتێکی مرۆڤ ـ تەوەرە. واتە خۆشبژێویی کۆمەڵی مرۆڤ و باشترکردنی ژیان، بەردی بناغەی پەرەسەندنە. کاتێک نیازە سەرەتایی و سەرەکییەکانی خەڵک دابین کران، ئەوکات پرۆسەی بیرکردنەوە بۆ پێشکەوتنی زیاتر دەکەوێتە ڕێ. نیشانەیەکی پەرەنەسەندوویی وڵاتان ئەوەیە کە لە

جێبەجێکردنـدا پەکیـان دەکەوێـت و نـاتوانن بگەنـە ئامـانج. لـە کاتێکـدا لـەم سـەردەمەدا شانسـی وڵاتـانی پەرەنەسـەندوو بـە سـازکردنی سـەکۆی پەرەسـەندن لـە ڕێگـەی حـوکمڕانیی پشتبەسـتوو بـە زانسـت وەدی دێـت. بـە واتـایەک، حـوکمڕانیی پشتبەسـتوو بـە (Government informed by Knowledge) لێرەدا (Ali et al, 2018). زانسـت هەنگـاوێکە بـۆ ڕکەبەرایەتـی و بەجێنەمـان لـە جیهـانی پێشکەوتـوودا زانستی جێبەجێکردن، لەناو بازنەی حوکمڕانیی پشتبەستوو بە زانست، بە پایەیەکی سەرەکیی پەرەسەندنی بەردەوام دێتە هەژمار. لێرەدا گرنگترین هەنگاو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی جێبەجێکردن و سەرخستنی سیاسـەتەکان لـە وڵاتانی پەرنەسـەندوودا، ڕەچـاوکردنی حـوکمڕانیی پشتبەسـتوو بـە زانسـتە "کـە بەسـتێنی لەناو بابەتی پەرەسەندندا ئەوەی جێی سەرنجە ئەو (Foss, 2013) "پەرەسەندن لەبار و هەموار دەکات بابەتـانەن کـە بـە زانسـت وەدەسـت هـاتوون و، پێویسـتە لـە مەیـدانی پراکتیکـدا بەکـار بێنـەوە تـاکوو دەرکەوتەکەیـان ببێتـە خۆشبژێـوی بـۆ کۆمەڵگـە. واتـە، ڕەهەنـدی دواییـنی پەرەسـەندن، پەیوەنـدیی بـە بیرۆکراسییەوە هەیە.

## نموونەی حوکمڕانیی پەسەند

لە نموونەی ئەرێنیی حوکمڕانیی باش، لەسەر بنەمای حوکمڕانییەکی پشتبەستوو بە زانست، "چۆن بیر بکەینەوە" دەبێتە شێوازی بەڕێوەبردن و "چی بکەین" دەبێتە پڕۆژەیەک کە لێکەوتی ئەو بیرکردنەوەیە. دواجـار چۆنـی جێبەجـێ بکەیـن، دەبێتـە کلیلـی سـەرکەوتن. ئەمەیـش بـە زانسـتی (Kordnejad, 2023) جێبەجێکردن دەکرێت. لەناو بیرۆکراسییەکی بەهێزدا نوخبە فکرییەکان بڕیار دەدەن؛ بۆیە پێویستە، جگە لە ژووری بیرکردنەوە، مەیدانی هەڵە و ئەزموونیش بدرێتە زانایان، هەروەک چۆن لە وڵاتێکی پێشکەوتووی وەک ژاپۆن، "میجی" ئەزموونی بەهەند دانا. هەروەها پێویستە دان بەوە دابنرێت کە ئازادیی توێژینەوە کلیلێکە بۆ پەرەسەندنی زانستی جێبەجێکاری. کەواتە، سیاسەتکاران نابێ لە نوخبە ئەکادیمییەکان نیگەران بن و پێیان وابێ شەرعییەتی ئەوان دەچێتە ژێر پرسیار. دەکرێ سیاسییەکان پسپۆڕ نەبن، بەڵام پێویستە بیرۆکراسی لە ڕووی زانستییەوە لە ئاستێکی بەرزدا بێت.

واتە، پێویستە کەسایەتییە زانستییەکان لە دەوری کەسایەتییە سیاسییەکان کۆ ببنەوە. بە واتایەکی دیکە، نـابێ شـەرعییەت وابەسـتەی سـەرچاوەیەک بێـت کـە نیزامی سیاسـی بباتە هەڵدێر. مەرجێکـی سـەرەکیی سەرکەوتنی سیاسەتەکان ئەوەیە، سیاسەت دەبێ بدرێتە دەستی کەسێکی شیاو کە لە زانستەکەدا پسپۆڕ بێت و ئیرادەی سیاسیی بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتەکە هەبێت. بەپێچەوانەوە هەر کاتێک باشترین سیاسەت بدرێتە دەستی کەسێکی ناشارەزا لە جێبەجێکاریدا، ئەو سیاسەتە بە شێوازی هەوڵ و هەڵە دەچێتە پێش و لـە کۆتاییـدا، جگـە لـە تێچـووی مـاددی و مەعنـەوی، ئەسـتەمە سـەر کـەوێ. بـەو تێڕوانینـە، لـە دۆخـە جیاوازەکاندا، دەبێ شەرعییەت لە ڕێگەی جێبەجێکردنی دروستی سیاسەتەکان دووبارە بەرهەم بێتەوە تاکوو بەڕۆژ (ئەپدێیت) بێتەوە. لـەو کەشـەدا هەماهەنگیی بژاردەکان پتـەو دەبێـت و هەبـوونی زانیـاری و کـاریگەربوونی دەسـەڵاتی چـوارەم و ئـازادی و شـەفافییەتی پێویسـت، دەبنـە هـۆی وەڵامـدەربوونی لایەنـی جێبەجێکار و، دواجار نیازە گشتییەکان فەراهەم دەبن و ئەم جۆرە بەڕێوەبردنە ڕەزامەندیی ڕای گشتیی پێوە دەبێت. بەڵام لە نموونەی نەرێنیدا حوکمڕان لە پەرلەمان وەڵامدەر نییە و داهێنانی بیر و پڕۆژە و جێبەجێکردن هەمـووی دەکەوێتـە دەسـتی یـەک لایـەن. لـەو جـۆرە حـوکمڕانییەدا سیاسـەتدانان دەکەوێتـە ئەستۆی لایەنی جێبەجێکار؛ لەو حاڵەتەدا ئەگەر ناوەڕۆکی سیاسەتەکە باشیش بێت، بەڵام چونکە زانستی جێبەجێکردن لاواز دەبێت، ئەوا سیاسەتە باشەکە شکست دەخوات.

## دەرەنجام

یەکێک لە هۆکارەکانی چەقبەستوویی سیاسەتەکان لە وڵاتانی پەرەنەسەندوودا لاوازبوونی زانستی سیاسەتی گشتی و زانستی جێبەجێکردنە کە جگە لە شکستی سیاسەت، زیان لە شەرعییەتیش دەدات. لە بەرامبەردا پەرەسەندنی زانستی جێبەجێکردن وەک پایەی سەرەکیی پەرەسەندن، دەبێتە هۆی خێراتربوونی پرۆسەی پێشکەوتن و ئەپدێیتبوونی شەرعییەتی سیاسی. یەکێک لە هۆیەکانی شکستی سیاسەتەکان لاوازبوونی سیستەمی بیرۆکراسییە. بۆیە پێداچوونەوە بە بیرۆکراسیی دەستوپێگر و وەڕزکەر گرنگە، چونکە زۆر جار بیرۆکراسی پرۆسەی جێبەجێکردن پەک دەخات. لێرەدا بە مەبەستی ڕزگاربوون لە تەونی جاڵجاڵۆکەییی بیرۆکراسی و هاوتەریبکاریی بەرنامەکان، دامەزراندنی ئەنجومەنی سیاسەتدانانی گشتی کە لە پسپۆڕانی واری سیاسەتی گشتی پێک هاتبێ، ڕەنگە کارێکی بەسوود بێت. لە پەنای ئەو کارە، ڕەچاوکردنی شایستەسالاری بەپێی پێوەری پسپۆڕی و ئیرادی، گرنگیی خۆی دەبێت. بۆیە پێویستە حکوومەت لە جێبەجێکردندا ورد و دووربین بێت و ئەو پرۆسە هەستیارە، کە کاریگەریی لەسەر شەرعییەتی سیاسی هەیە، بداتە دەستی پسپۆڕان.

## سەرچاوەکان

Ali. I., Musawir. A. U., And Ali. M. (2018), ‘Impact of Knowledge sharing and absorptive on project performance: the moderating role of social processes”, Journal of Knowledge Management, 22(2).

Foss, N. J. 2013. Knowledge Governance: meaning, origins and implications. Handbook of Economic Organization: Integrating Economic and Organization Theory, 62.

Gioryan, H &Rabiemanjin. M, (2002), Decision making and determination of government policy, Tahran: Yakan Publications.

Hashemiyan. S.H, Rereading policy knowledge in the context of postmodernism: the implementation and evaluation of policies in the postmodern era, Methodology of Social Sciences and Humanities Journal, Vol. 17, No. 66, Spring 2011.

Howlett. Michael, Ramesh. M, and Wu. Xun, (2015), “Understanding the persistence of policy failures: The role of politics, governance and uncertainty”, Public Policy and Administration, 2015, Vol. 30(3–4).

Kordnejad. H. (2023) note of the day, www.irdk.org.

Malekmohammadi. H, (2019), Basics and Principles of Public Policy Making, Translated: Mohamad Karimkhan, kurdisatn, AhmadeXani.